# كركوكنا

کەرکوک لەژێر هەڕەشەیەکی گەورەدایە
لاپەڕە ٨

جريدة مدنية مستقلة ومتنوعة، تصدرها منظمة السلام والحرية بالشراكة مع منظمة MM — عدد (٨) — حزيران ٢٠٢٢


# هەڵکشان بەرەو لوتکە

**ئاهەنگ انور جبار**

ناوم ( ئاهەنگ انور جبار) ە ساڵی (١٩٨٩) لەگەڕەکی شۆرجەی شاری کەرکوک لەدایك بومە ژیان و قۆناغەکانی خوێندنم هەر لەکەرکوك بوە ، ساڵی ( ٢٠١٢- ٢٠١٣) زانکۆی کەکوك / کۆلێژی یاسام بەسەرکەوتووی تەواو کردوە ، لەئێستادا خوێنکاری ماستەرم ماوەی سێ ساڵ فەرمانبەری کاتی بوومە لەفەرمانگەی دادنوسی کرکوك ، ئێستا وەك راوێژکاری یاسایی و پارێزەر و چالاکوانی مافی مرۆڤ لەکەرکوکدا کاردەکەم ، لەهەمان کاتدا ئەندامی سەندیگای پارێزەرانی کرکوك م .

ئەندامی لێژنەی ئاشتەوایم لەنوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراق . ساڵی ( ٢٠١٧) ڕێکخراوی ( ڤیان ) بۆ کاروباری ژنان م دامەزراندوە ، ئەودەستکەوتانەی کەجێگای شانازی کەسی منن، هەردەم داکۆکی کاری سەرسەختی ماف و کەیسی ژنان و منالآن بوومە لەشاری کرکوك تێدەکۆشم لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی شایستەو دادپەروەری کۆمەڵایەتی بۆگشت ژنانی کرکوك بێ جیاوازی ، لەپایی کاروچالاکیە بەردوامەکانم وەك کچە پارێزەر و چالاکوانێکی کرکوکی ، کتێبی ( ناجحات من رحم المعاناة ) وەك کچێکی بوێر و سەرکەوتوو ناوی بردوم .



هەروەها کتێبی ( مەشخەڵی کەرکوك ) وەك کچێکی دیاروکاریگەری گۆڕەپانی کەرکوك پێناسی کردوم . ماوەی ساڵێکە بەشێوەی خۆبەخشی و وەك ئەندامی کارا لەپرۆژەی ( تناغم ) هاو ئاوازی کەپرۆژەیەکە لەلایەن ڕێکخراوی ( ئاشتی و ئازادی ) سەپۆرت دەکرێ ، بەمەرامی بەدهێنانی ئاشتی و پێکەوەژیانی هێمنانە بۆ تەواوی پێکهاتەکانی کەرکوك.

# « البيت الثقافي في كركوك يطلق حملة (الكتاب نبض ونور)»



**كركوك / رزكار الشواني**

تشهد مدينة كركوك حملة الـ ١٠٠ كتاب التي اطلقها البيت الثقافي في كركوك لرفد مؤسسات الدولة والكليات والمعاهد والمدارس وعدد من المكتبات في الاقضية والنواحي بمجموعة من اصدارات وزارة الثقافة والسياحة والاثار تعزيزا للمطالعة والقراءة ودعم الثقافة العامة في تجسيد التناغم والتعايش الموجود في محافظة كركوك .

وفي هذا السياق قال يوسف طيب صالح مدير البيت الثقافي في كركوك ان الحملة اطلقت تحت شعار (الكتاب نبض ونور) شرع خلالها البيت الثقافي في كركوك باطلاق حملة ١٠٠ كتاب بجميع اللغات تمنح بموجبها المؤسسات ( دوائر الدولة والمكتبات والكليات والجامعات وعدد من منظمات المجتمع المدني والمكتبات العامة في الاقضية والنواحي) مغلفة يحتوي على ١٠٠ اصدار بمختلف اللغات التي تجسد التناغم من اصدارات وزارة الثقافة وكذلك اصدارات ادباء وكتاب كركوك .

وأكد يوسف طيب أن الحملة تهدف إلى تعزيز ثقافة القراءة لدى المواطنين بمختلف القوميات والاطياف ورفد المراكز والمؤسسات الثقافية بالكتب للمساهمة في تطوير مكتباتها وخدمة جمهور القراء من روادها وانها ستساهم في إثراء المشهد الثقافي في كركوك ونشر العلم والثقافة والوعي والتعايش في المجتمع، موضحا ان اولى بوادر الحملة كانت اهداء (١٠٠) اصدار الى المعهد التقني في كركوك والى مكتبة منظمة فيان للدفاع عن حقوق المرأة و الكلية التقنية في كركوك و مؤسسة الشهداء في كركوك و ستستمر الحملة لتشمل باقي الجهات التي سيتم منحها هذه الاصدارات .

# « موسوعة رجال في ذاكرة كركوك لعبد الكريم خليفة تبصر النور»

**كركوك / رزكار الشواني**

بعد اربع سنوات من الجهد الذي بذله الاديب الدكتور عبدالكريم خليفة في اعداد موسوعة تخص الادباء والاعلاميين والفنانين والخطاطين بمختلف قومياتهم الذين خدموا مدينة كركوك عبر سنوات طوال ، رأت المسوعة اخيرا النور.

وقال الدكتور عبدالكريم خليفة ان الموسوعة تضم الأدباء والفنانين والإعلاميين والخطاطين وأصحاب المكتبات القديمة والمصورين المعروفين في كركوك بمختلف القوميات التي تتعايش في هذه المدينة العريقة بروح الوئام والتآلف .

واشار د. عبدالكريم خليفة الى انه تم حصر هؤلاء من عام ١٨٩٠ لغاية ٢٠٢١ ، لافتا الى ان المنجز يحتوي على السيرة الذاتية لـ١٤٨٠ اسم مشمول بهذه الموسوعة.

واضاف، ان هذه الطبعة تجريبية لتكملة النواقص، وما زال الباب مفتوحا لاستقبال سير وصور الأشخاص المشمولين.

وبين الدكتور عبدالكريم ان الموسوعة استغرقت اعدادها اربع سنوات وبحدود ٢٠٠٠ صفحة .

يذكر ان الاديب الدكتور عبدالكريم خليفة اعد موسوعة نساء في ذاكرة كركوك في العام ٢٠١٨ التي تحتوي على الشخصيات النسوية




المعروفة في المدينة باديباتها وشاعراتها و ناشطاتها بمختلف القوميات .

يذكر ان الدكتور عبدالكريم خليفة من الشخصيات الثقافية والادبية المعروفة في كركوك الذي له باع طويل في اغناء الثقافة الكركوكية ودوره المشهود في القاء العشرات من المحاضرات التي تخص التعايش والتناغم الموجود في مدينة كركوك الريقة. .

# خێزانێکی کەرکوکی زیاترله ٣٠ ساڵه لە کارگەیەکی دروستکردنی پەیکەرکاردەکەن

**ئا / ڕەنج ساڵەیی**

زۆرن ئەوانەی لەرێگای کاری دەستیوە ونەری پەیکەر سازییەوە، کاردەکەن وکەرەستەکانیان نمایشدەکەن، خێزانێکی کەرکوکی زیاترلە ٣٠ ساڵە لەکارگەیەکی پەیکەرسازی وکەرەستە ی جوانکاری ناوماڵدا کاردەکەن، خواستێکی زۆرلەسەربەرهەمەکانیان هەیەو لەسەرتاسەری کەرکوک وهەریمی کوردستان وعێراقدا کڕیاران ڕویان لێدەکەن.

هاوتا کاوە یەکێکە لەئەندامانی ئەوخێزانەدەستڕەنگینە،لەتەمەنی منداڵیەوە لەمکارگەیەدا لەلای باوکی کاردەکات.

هاوتاکاوە، سەبارەت بەکارەکەی رایگەیاند: لەساڵی ٩٠ کانەوە باوکم دەستی بەم کارە کردوەولەدوای ئەوەش ئێمەهاتوینەتە ناوئەم کارەو زیاترپەرەمان بەکارگە کەکمان داوە.

وتیشی: لەگەڵ باوکم دەستمان بەکارکردن کردوسەهتاش وەك حەزوخولیا دەستم بەکارەکرد ویستومانە لەرێگای کارەکانمان هەندێك کاربکەین کەدەگمەننولە پێش ئێمە نەکراوە.

هاوتا ئاماژەی بۆئەوەشکرد: لەئێستاداکارەکانمان بۆسەرجەم پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان وپارێزگاکانی عێراق رەوانەدەکەین.

باسی لەوەشکرد: کارەکانمان لە ٥٠٪ لەنێوکارگەکەمان دروست دەکەین وبەشی دیکەی کارەکانیشمان لەو جێگایە دروستدەکەین کەکڕیارەکانمان دەیانەوێت تاوەکوبەشێوەیەکی جوان وسرنجراکێش کارەکانیان پێشکەش بکەین. هاوتا سەبارەت بەدەستکەوتی ئەوکەرستەومادانەی کارەکانیان پێئەنجام دەدات،باسی لەوەشکرد: ئاستەنگی زۆردێتە پێشمان بۆبەدەستهێنانی ئەوکەرستانە چوونکە





بەشێکیان لەدەرەوەی کەرکوك وعێراق هەن بۆیە هێنانیان کەمێك قورسە،بەڵام بەشێکیان لەکەرکوك دەستمان دەکەوێت.

# خانمانی کەرکوک چیرۆکی سەرکەوتنیان لەکتێبێک دا بڵاودەکەنەوە

**ئا / یوسف نازم**





لەمەرسیمێکدا ١٧ خانمی کەرکوکی چیرۆکی سەرکەوتنی خۆیان لەچوارچێوەی کتێبێکدا بڵاودەکەنەوە . ئەوخانمانە لەوژنانەن کەوا بەتوانای خویان پیداگریان لەسەر سەرکەوتنی خۆیان کردوە ونەهامەتیەکانی ژیانیان تیپەڕاندووەو ئێستا لەوخانمە سەرکەوتوانەن لەشارەکە . هەوارفارس یەکیک لەوخانمانە کەتەواوی ژیانی بە بەربەستی بەسەربردوە ولەئێستادا ناوێکی دیاری بواری هونەری شانۆو راگەیاندنە لەکەرکوک، رایەگەیاند: چیرۆکی ژیانی من یەکیکە لەو چیرۆکانە کە لە نیوئەوکتیبە دابڵاوکراوەتەوە بەناونیشانی (ناجحات من رحم المعانات ) ومن کەسێکم لەوخانمانەی بەزۆرنەهامەتی ژیاندا تیپەربووم بەڵام توانیم سەرکەوتووانە لێدەربازبم ولەچەند بواریکدا خۆم تاقیکردەولەسەرجەمیان سەرکەوتووبوم . سەرەتا وەک وەرزشوانێکی تۆپی پی ودواتربۆسەرتەختەی شانۆو راگەیاندن وتا ئێستاش بەردەوامم لەنمایشکردن لەسەرتەختەی شانۆ وەک تاکە پەیامنێری کچ لەشارەکە پەرەم بەکارەکەمداوە وئێستاش بەردەوامم وەکپەیامنێری کەناڵی ئاسمانی کەرکوک.

چیرۆکی سەرکەوتنی ئەوژنانە جیاوازن لەیەکتروهەمویان یەک ئامانجیان پێکاوە کە ئەویش سەرکەوتنە بەسەرنەهامەتی وبەربەستەکانی ژیانە. کتیبەکە لەبەشێک لەناوەندەکانی خوێندن وکتیبخانەکاندابەشکراوەبەسەرخوێنەران.



# مێژووی جموجوڵە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کەرکوک

**بەشی دووەم**

**شاری کەرکـوک یـان ناوچـەی کەرکـوک بەهـۆی گرنگـی و هەڵکەوتـەی جوگرافـی و جیۆپۆلتیکیـەوە، وەک و ناوچەیەکـی سـتراتیژی بازرگانـی و پیشەسـازیەوە، مەڵبەندێکـی پڕلـە خێروبەرەکەتـی کشـتوکاڵی بەهـۆی دەشـتایی پـان و بەرینـی بـە پیـت و گونجاوەکەیـەوە، هـەردەم جێـگای تێروانیـن بـوەو گرنگـی خـۆی هەبـوە لـە رووی سیاسـی و کۆمەڵایەتیەوە،بۆیـە دەبینیـن جوڵانـەوە سیاسـی و کۆمەڵایەتیـەکان هـەردەم لەهەوڵـی ئـەوەدا بونـە پێگەیـان لـە کەرکـوک هەبێـت، وەک لـە بەشـی یەکـەم دا ئاماژەمـان بەژمارەیـەک ڕێکخـراوی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی دا لـە گۆڕەپانـی ئـەم شـارەدا لـەم ژمارەیـەش دا چەندیـن ڕێکخـراوو یانـە و جموجۆڵـی سیاسی دەخەینـە بـەر دیـدی خوێنـەران بـە مەبەسـتی ئاشـنا بونـی نـەوەی ئەمرۆمـان بـە ڕابـردوی شـاری کەرکـوک و سـەردەمە زێڕینەکانـی کەرکـوک.**

**★لقی کۆمەڵەی ئیتحادو تەرەقی**

یەکێـک بـوە لـەو کۆمەڵانـەی کـە دەوری بـاڵای هەبـوە لـە ناوچەکـەداو لقـی لـە زۆربـەی شـارەکانی ژێـر دەسـەڵاتی ئیمپریاتۆریەتـی عوسـمانی هەبـوە.

ئیتحـادو تەرەقـی لـەو کۆمەڵـە نهێنیانـە بـوو کـەداوای چاکردنـی دەسـتوری دەکـرد لـە دەوڵەتـی عوسـمانی تـا هەمـوو گەلانـی نـاو ئیمپریاتوریەتەکـە مافـە نەتەوەییەکانـی خۆیـان بەدەسـت بهێنن،چونکـە لـە سـەردەمێک دا سـەری هـەڵ داو توانـی هەنـگاوی تـەواو بنێـت بـەرەو پێشـەوە بـە جۆرێک وای کـرد سـاڵی ١٩٠٨ سـوڵتان عەبـدول حەمیـد دەسـتور ڕابگرێـت چونکـە سـوڵتان بـاوەڕی بـە دەسـتور نەبوو،پێـی وابـوو داواکاری گـەل مانـای کۆتـای هێنانـی دەوڵەتـی عوسـمانیە.

پێـش سـاڵی ١٩٠٨کۆمەڵـەی ئیتحـادو تەرەقـی لـە لایـەن کۆمەڵێـک لـە کـوردو تـورک دروسـت بـوو ،بیروکـەی دروسـت بونەکـەی لـە لایـەن خوێندکارێکـی ئەلبانـی بەنـاوی ئیبراهیـم تیمـو لـە خوێندنگـەی پزیشـکی سـەربازی سـوڵتانی دەیخوێنـد دروسـت بـوو بـۆ ڕوخانـی دەسـەڵاتی سـوڵتان عەبـدول حەمیـد هاتـە ئاراوە تـا توانیـان لـە ساڵی١٩٠٩سـوڵتان لا بـدەن و لـە کۆشـکەکەی دەسبەسـەری بکەن،وبەپێـی دەسـتور هەڵبـژاردن دەسـتی پـێ کرد،ژمـارەی نائیبەکانـی کەرکـوک ١٨نائیـب بـون نوێنەرەکانـی کەرکـوک بریتـی بـوو لـە محمـد عەلـی فـازڵ و سـاڵح نەفتچـی ئەمـە بـوە هـۆی ئـەوەی دەسـەڵات بکەوێتـە دەسـتی لایەنگرانـی کۆمەڵـەی ئیتحـادو تەرەقیـەوە.

ئـەم کۆمەڵەیـە زۆر لقـی لـە عێـراق کرایـەوە لەوانـە لـە موسـڵ و کەرکـوک و شـارەکانی تـری ژێـر قەڵەمـڕەوی عوسمانی،مامۆسـتا مسـتەفا نەریـمان سـەبارەت بەکۆمەڵـە دەڵێـت هـەوای سەربەسـتی و ئـازادی ناوچەکـەی گرتەوە،مسـتەفا ئەفەنـدی مـا اللـە نـاسراو بـە مسـتەفا ژێـری ناوبانگـی دەرکردبـوو لقێکـی لـە ئیتحـادو تەرەقـی لـە شـاری کەرکـوک کـردەوەو دەیـان کەسـی لـە دەور کۆبونـەوەو بڵاوکراوەکانـی ڕێکخراوەکەیـان لـە ئەستەمبوڵەوە بـە دەسـت دەگەیشت.کۆمەڵەی ئیتحـادو تەرەقـی پەیڕەوی ڕێـگای ماسـۆنیای دەگرتـە بـەروو لـە کاتـی کۆبونـەو بۆنەکانـی دا مەراسـیمی تایبەتیـان هەبـوو بـۆ وەرگرتنـی ئەندامـە تازەکانیـان ،تـا لـە کۆتـای دا گرتنـە دەسـتی دەسـەڵات کۆمەڵـە لـە ڕێـڕەوی خـۆی لای دا و تورکچێتـی خـۆی

ڕاگەیانـدو کەوتـە لێـدان و لەنـاو بردنـی ئەندامانـی بـە شـێوەیەکی نامرۆڤانـە تەنانـەت بـەکار هێنانـی هێـز لـە دژی بەرهەڵسـت کارەکانـی.

**★لقی پارتی دیموکراتی کوردستان**

لـە ١٦ی ئابـی ١٩٤٦لـە کوردسـتانی باشـور دامەزرا،لـە ٢٦ی ١٩٥٣ کۆبونەوەیەکـی لەشـاری کەرکـوک ئەنجـام دا کەبـە کۆبونـەوەی سـێیەم بەناوبانگـە ونـاوی حیـزب کـرا بـە حیزبـی دیموکراتـی کوردسـتان-عێراق و مامۆسـتا ئیبراهیـم ئەحمـەد کـرا بـە سـکرتێری دەسـتەی دامەزرێنـەر، لەسـەرەتای کۆماریـەوە لـە عێـراق پارتـی پـەرەی سـەندو ڕۆژنامـەی خەباتی لـە بەغـدا دەرکرد،پارتـی لـە شـاری کەرکـوک شـان بەشـانی حیزبەکانـی تـر



کەوتـە چالاکـی کردن،سیاسـەتی پارتـی لەکەرکـوک هـاوکاری کردنـی شـیوعی و دیموکراتـەکان بـوو دژی ئیسـتیعمارو کۆنەپەرسـتەکان.

**★حیزبی کـــەران**

لەمـاوەی نێـوان سـاڵانی شەسـتەکان و حەفتاکان،بـە مـاوەی گەشـەکردنی حیزبـی کـەران دادەنرێـت لـە کەرکـوک و دەوروبەری،گۆڤـاری (ئەلعەرەبـی) لەبـارەی ئـەم حیزبـەوە دەڵێـت :کـورد بەناوبانگـە کەڕوحێکـی خۆشـی هەیە،مەیلـی بـەلای گاڵتـەو پێکەنینـەوە دەڕوات،تـا کار گەیشـتۆتە ئـەوەی عوسـمان محەمـەد نـادر هەسـتێت بـە دروسـتکردنی حیزبێـک بەنـاوی حیزبـی کـەران لـە سـلێمانی لـە ژێـر ناونیشـانی (گوێدرێژەکانـی جیهـان یەکگرن)لقـی لـە زۆربـەی شـارەکانی عێـراق کـردەوەو هەوڵـی ئـەدا لـە جیهانیـش لـق و پێگـە دابمەزرێنـن، لەسـەرەتادا ژمارەیەکـی زۆر لـە خەڵـک لـە دەوری کۆبونـەوە داوای مافـی کەریـان دەکـردو دژی ئەوانـە بـون ئـازاری کـەر بدەن،لەنـاو شـاری کەرکـوک تـا ڕادەیەکـی بـاش گەشـەی کـرد.

**★کۆمەڵەی هەرەوەزی دروستکردنی خانوبەرە**

ڕۆژنامەی کەرکوک ژمارە١٤٢٩ی ڕۆژی ٢٥ی ١٩٦٦بەم شێوەیە باس لەم کۆمەڵەیە دەکات:کۆمەڵێک لەم بەڕێزانە هەستان بەدروستکردنی کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی دروستکردنی خانوبەرە،کەهەر یەکە لە کەمال محمەد حەبیب،ئەکبەر شکور،عەونی بیلال دەدە،سوهام یونس و هاوڕێیانی کە نیشتەجێی شاری کەرکوکن لە خوارەوە ئیمزایان کردوە، بە داواکردنی دروستکردنی کۆمەڵەیەکی هەرەوەزی دروستکردنی خانوبەرە بەپێی داواکاریەکە ڕێگەی پێ دراوە لە هەردوو مادەی(١٠و١١)ی یاسای دروستکردنی کۆمەڵەی هەرەوەزی ژمارە(٧٣)لە ساڵی ١٩٥٩، ئەم کۆمەڵەیە ڕۆڵی گرنگی نەبینیوە لە خزمەتکردنی هاوڵاتیانی شاری کەرکوک بۆیە پاش ماوەیەک لە دروستبونی هەڵوەشاوەتەوە.



**★لقی کۆمەڵەی(جمعية مكافحة التدرن الرئوي)**

دوای ئەوەی پارێزگاری کەرکوک بە نوسراوی ژمارە(٨٠٥٣)ی ڕۆژی ١٩٦٦/٧/٢١ ڕێگای بە حسامەدین ساڵەی و هاوڕێکانی دا بە کردنەوەی ئەم کۆمەڵەیە لە کەرکوک ئەویش بەپێی کارپێکردنی برگەی یەکەمی مادەی سیانزەهەمی یاسای کۆمەڵەکانێ ژمارە (١) ی ساڵی ١٩٦٠هەروەها بنکەی گشتی، ڕەزامەندی خۆی پیشان دا بەکردنەوەی لقی ئەم کۆمەڵەیە لەکەرکوک بە نوسراوی ژمارە (١١٣) ی ڕۆژی ١٩٦٠/٤/١٣ ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دوای ڕەزامەندی بنکەی سەرەکی کۆمەڵەی بەغدا پارێزگاری کەرکوک ڕێگەی بە کردنەوەی ئەم کۆمەڵەیە داوە بکرێتەوە لەشاری کەرکوک.

**★یانەی وەرزشی سۆلاڤ(نادي سولاف الرياضي)**

کۆمەڵێک لەوەرزشەوانی شاری کەرکوک وەک مامۆستا ستار شێخ عەبدوڵا،نەجیب ساڵح پیرۆت تاڵەبانی،سەلاح ساڵح،محەمەد ڕەسوڵ،مەجید کەریم و ژمارەیەکی تر،داواکاریان پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ کرد بەمەبەستی کردنەوەی یانەیەکی وەرزشی بەناوی سۆلاڤەوە،لە ژمارە (١٩٧٩)ی ڕۆژنامەی کەرکوک ڕۆژی ١٩٦٩/١٠/١٦ لەباسی ڕێگەپێدانی یانەکەدا دەنوسێت:وەزیری ناوخۆ ڕێگەی دا بەکردنەوەی ئەم یانەیە لەلایەن بەڕێز عەبولستار محەمەد ڕەسوڵ و هاوڕێکانی بە کردنەوەی یانەکە بەناوی یانەی وەرزشی سۆلاڤ لە کەرکوک بەپێی نوسراوی ژمارە (١٧٤٧)ی ڕۆژی ١٩٦٩/٧/٣٠.

ئەم یانەیە ڕۆڵی گرنگی بینی لەشاری کەرکوک و گەلێک چالاکی وەرزشی گرنگی نواند کە تاکو کۆتای حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان بەردەوام بوو،لە کۆتای دا ناوەکەی گۆڕا بۆ نادی (الكرامة الرياضي) گوێزرایەوە بۆ گەرەکی ئازادی.

**★لقی (اخويه المحبه) له کەرکوک**

ئەمە کۆمەڵەیەکی جیهانیە، بنکە سەرەکیەکەی لە ڕۆمایە،ئەرکی خزمەتکردنی جیهانی ئاینی مەسیحیە،لقی ئەم کۆمەڵەیە لەکەرکوک لە نزیک کڵێسەی مەریەمانەیە.

**★کۆمەڵەی ڕەحمەی کلدانی**

ئەم کۆمەڵەیەیە بەپێی نوسراوی وەزارەتی ناوخۆی عێراق بە ژمارە (٩٦٨٠)ی ڕۆژی ١٩٣٩/٥/٩لەشاری کەرکوک دامەزراوەو تا ئێستاش بەردەوامە بۆ خزمەتکردن کلدانیەکانی کەرکوک لە هەموو لایەنێکەوە.

**★کۆمەڵەی ڕەحمەی ئاسوری**

یەکێکە لە کۆمەڵە چالاکەکانی ناو شاری کەرکوک لەلایەن ئاسوریەکانەوە بەڕێوەدەبرێت بۆ خزمەتکردن و باروبۆکردنی پێکهاتەی ئاسوری لەشاری کەرکوک.

★کۆمەڵەی باربووی لێقەوماوانی ئەرمەن(جمعية تعاونيه محتاجي الارمن)

بۆ یارمەتی دان و لێقەوماوانی ئەرمەن ڕێگەی پێدراوە تاکو ئێستاش بەردەوامە لەکارو چالاکیەکانی.

**★کۆمەڵەی مانگی سور لقی کەرکوک**

لەساڵانی (١٩٦٠-١٩٦١)وە لەچالاکی خۆی بەردەوامە لەناو شاری کەرکوک و خاوەنی گۆڤارێکی وەرزیە بەهەمان ناوەوە لە خزمەتی کۆمەڵانی شاری کەرکوکە.

**★لقی کۆمەڵەی زەردەواڵە**

مێژوو نوسی گەورە کەمال مەزهەر لەبارەی ئەم کۆمەڵەیەوە دەڵێت:تۆفیق قەزاز هەستاوە بە دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نهێنی لەساڵی (١٩٤٥)بەناوی کۆمەڵەی زەردەواڵە، ویستویانە وەک زەردەواڵە بەو کەسانەوە بدەن کە سەر بە میرین،بەڵگەنامەکان دەڵێن پەخشنامەیەکیشیان هەبوە بەناوی زەردەواڵە، بڵاوبونەوەی کۆمەڵەی زەردەواڵەلەناوچەی کەرکوک بڵاو بوەوە،وەک لەناو شاری کەرکوک و کفری و کەلارو دووز،لەسەر دەستی شێخ قادرو حەمەئاغاو ئەحمەد تەقی دوای چونەوەیان بۆ کەرکوک بڵاوکردنەوەی بیروکەکەیان.

★لقی (الجمعية الكردية الاصلاحية)

ئەم کۆمەڵەیە دوای کۆدیتاکەی بەکر سدقی دامەزرا،لەڕێگای پۆستەوە کارەکانیان ئەنجام دەدا و هاوڵاتیانیان بە نامە ئاگادار ئەکردەوە کە عێراق جێ بهێڵن بەپێچەوانەوە چارەنوسیان کوشتنە،لە یەکێک لە

نامەکان هاتوە(وا پێویست دەکات کە عێراق بەجێ بهێڵی لەماوەی سێ ڕۆژ لە مێژووی ئەم نامەیەوە،گەر وا نەکەیت سزای بە کوشتن دەدرێت ئیمزا الجمعية الكردية الاصلاحية) هەرچەندە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە لە ناوچەی کەرکوک بڵاوبونەتەوە بەڵام چالاکیان دیار نیە.

**★لقێکی بچووکی حیزبی شیوعی عێراق**

بریتی بوە لە دەستەی کوردی حیزبی شیوعی عێراقی مەلا شەریف ئەربیلی بەڕێوەی دەبرد، ڕۆژنامەیەکیشی بە ناوی ئازادی بە زمانی کوردی دەردەکرد،لقی ئەم حیزبە لە شارەکانی کەرکوک و سلێمانی و هەولێر بەشێوەی گرۆپی بچوک بچوک کارو چالاکیان ئەنجام ئەدا.

**★گروپی کەرکوک**

لە شەستەکان دا کۆمەڵێک شاعیرو نوسەرو ئەدیبی کوردی شاری کەرکوک گروپی کەرکوک(جماعە کرکوک)یان دامەزراند، شۆڕشێکی شیعریان بەرپا کردو،هەوڵی نوسینی پەخشانە شیعری عێراقیان دەدا جیاواز لە گروپی شیعری لوبنانی،کە بریتی بون لە سەرگۆن پۆلیس،جان ڕەمۆ،جەلیل قیسی،موئەیەد ڕاوی،سەلاح فایق،فازڵ عەزاوی،ئەنوەر غەسانی،یوسف حەیدەری،محێدین زەنگەنە،الاب یوسف سعید،قەحتان هورمزی،جەلال وەردە،زوهدی داودی،خاچێک گرابێت ئایدنجیان،ئەم گروپە هەرچەندە قوتابخانەیەک یان ڕێبازێکی ئەدەبیان پێک نەهێنا،تەنانەت گۆڤارێکیشیان نەبوو،بەهۆی کۆچکردنیان بۆ بەغداو شارەکانی ترو دەرەوەی وولات کۆمەڵەکە نەما هەرچەندە جێ پەنجەیان دیارە لە هونەرو ئەدەبی کوردی.

**★کۆمەڵەی(مدافعة ملية)**

یەکێکە لەو کۆمەڵانەی لە ساڵانی ١٩٠٨لە ناوچەی کەرکوک سەری هەڵدا،هەرچەندە مێژوی دامەزراندنەکەی دیار نیە،ئامانجی کۆمەڵەکە بریتی بوو،لە وشیارکردنەوەی خەڵکی لەنەزانی وڕزگارکردنی وولات لە دەردی کۆمەڵایەتی وئابوری و کشتوکاڵی و زانستی و هونەری و ئەدەبی،کەسە دیارەکانی ئەم کۆمەڵەیە بریتی بون لە عورفی دیابەکری،ئەحمەد مەدەنی،هجری دەدە،حسێن جەمال بەگ،مستەفا ساڵح،یەعقوب زادە مستەفا،ئەحمەد ئەفەندی،واعظ مەلا ڕەزا،فەتحوڵا ئەفەندی دکتۆری شارەوانی.کاروباری ئەم کۆمەڵەیە لەڕێی چوار دەستەوەبەڕێوە دەبران و هەریەکە خاوەنی تایبەتمەندی خۆی بوو،دوو سەرۆکی هەبوو بریتی بون لە دیار بەکری عورفی و حسێن بەگ ئەفەندی کە گۆڤاری كوكب المعارف ناویانی لەسەر لاپەڕەکانی دیاری کردوە.

**★گروپی هونەرمەندانی کەرکوک**

لەساڵی ١٩٥٣لە سێ ئەندام پێک هاتبون کەهەریەک لە مەحمود ئەلعوبێدی،سدیق ئەحمەد عاشور،سنان سەعید بون،یەکەمین پێشانگای



خۆیان بەناوی جماعە فنانی کرکوک لە ١٩٥٣لە هۆڵی قوتابخانەی غازی سەرەتایی کردەوە،دوای ئەوە چەندین پێشانگایان لە هۆڵی کتێبخانەی گشتی و المعهد الثقافي الامريكي لە کەرکوک کردەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ چالاکیەکانیان فراوانتر دەبون و ئەندامی زیاتر لە هونەرمەندان پەیوەندیان بەم گروپەوە دەکرد و تا کار گەیشتە ئەوەی چەندین پێشانگا لە دەرەوەی کەرکوک بکەنەوە وەک لە بەغداو تورکیا.

**★کۆمەڵەی یانەی سەرکەوتن**

١٩٣٠-١٩٦٣وەک ناوەندێکی کۆمەڵایەتی زانستی روناکبیری لەسەرەتای سیەکانی سەدەی بیستەم لەشاری بەغدا بەرپێیدانی وەزارەتی ناوخۆی عێراق دامەزرا،بە یەکێک لەهەنگاوە گرنگ و زیندوانەی ڕوناکبیران و دەستەی ڕوناکبیری کوردی دادەنرێ ،کە هیچ پەیوەندی بە کاری سیاسی و چالاکی سیاسیەوە نەبوە جگە لە کاری روناکبیری،بەهۆی بەگزادەکانی جافەوە و لە ڕێگەی گەڕانەوەیان لە بەغداوەلە ساڵی ١٩٠٥تێکەڵ بونیان بەناوچەی داوێ و حەوتەغارو شاروچکەی داقوق کۆکردنەوەی بڕێکی باش لە یارمەتی ئەم بیروکەیە لە کەرکوک و ناوچەی کەرکوک بڵاوبوەتەوە.

**★کۆمەڵەی ئازادی برایەتی کفری**

لەلایەن هەریەک لە ئەمین ڕەواندزی وئیبراهیم ئەدهەم و ڕەئوف جەلالی وشێخ جەمال تاڵەبانی لە کفری دامەزراوە،حەمە جاف،شێخ جەمال تاڵەبانی،موفتی سەعید ئەفەندی،وەستا سالمی خەیات،تۆفیق ئاغای گەلالی،مەلا محێدین زەلزەلە،بونە ئەندامی کۆمەڵەکە.

**★بەرەی بەرگری لە کۆمار**

لە سەردەمی تەبەقچلی لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٥٩سەری هەڵدا، داوایان بەڕێگە پێدان بە کارکردن کرد لەو شارەدا،ئەندامەکانی پێک هاتبون لە کوردو عەرەب و تورکمان،هەوڵیان ئەدا بۆ پاراستنی پێکەوە ژیان لە شاری کەرکوک،ئەندامانی کۆمەڵەکە بریتی بون لە تەحسین ڕەئفەت،موکەڕەم تاڵەبانی،محەمەد عیزەت خەیات.

**★کۆمەڵەی انصار السلام**

ڕێکخراوێکی سەربە حیزبی شیوعی عێراقی بوە لە ساڵی ١٩٤٩لە بەغدا دامەزرا،لقی لە زۆربەی شارەکانی عێراق کرایەوە لەوانە لە موسڵ و کەرکوک و سلێمانی،لەساڵی ١٩٥٢لقی لەکەرکوک کرایەوە،ئامانجی ڕێکخراوەکە بریتی بوو لەڕێگرتن لەهەڵگیرسانی شەڕ لە جیهان و دژی شەری ئەتۆمی بون لەنێوان ئەمەریکاو یەکێتی سۆڤیەتی جاران،جگە لەوەی دژی لێدانی کۆریای سەروو بوون لەو پێناوەش دا واژۆیەکی زۆریان کۆکردەوە،بۆ هەوڵدان لەبەشداری کردنی کۆنگرە جیهانیەکان کە بۆ ئاشتی دەبەسترێت، هەروەها کاریان دەکرد بۆ پێکەوە ژیانی نەتەوەکان لە بۆنەیەکی ئاشتیانە،ئەم ڕێکخراوە لە شاری کەرکوک گەلێک ئەندامی شیوعی و غەیرە شیوعی لە خۆی گرتبوو،هەوڵیشیان ئەدا کیشەی کورد بە ڕێگای ئاشتیانە چارەسەر بکەن،ئەوانەشی کە ڕۆڵیان هەبو لەم ڕێکخراوە لەشاری کەرکوک بریتی بون لە مەجید کاکە حاجی مەحمود،عەبدوڵا ناوێک،نوری فەقێ،سلێمان نامیق خەڵکی هەولێر بوو،حەمە سالح بەگ ساڵەیی،سەعید عەباس،عەلی شکور،شێخ فاتیح شێخ جەلال تاڵەبانی،کاتی ڕوداوەکانی ١٩٥٩و شەواف لەکەرکوک دەورێکی باڵایان بینیوە دەربارەی ڕوداوەکان.

**★بەرەی یەکێتی نیشتمانی**

دوای لێدان و دەستدرێژی بۆسەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦بیروکەی گەورە دروست بوو بۆ دروستبونی بەرەی نیشتمانی لەنێو حیزبە عێراقیەکان دا،یەکێک لەو بەرانە بەرەی یەکێتی نیشتمانی بوو لە نێوان حیزبەکانی الاستقلال،الوطنی الدیموقراتی،البعث العربی،شیوعی نهینی کۆمەڵێک کۆبونەوەیان ئەنجام دا لەگەڵ دیموکراتیە سەربەخۆییەکانی عێراق داو لەسەر چەند خاڵێک ڕێک کەوتن وەک و لابردنی نوری سەعید لە دەسەڵات،دەرچون لە حلف بەغداد،ڕێگەدان بە سەربەستی و دیموکراتی لە دەستوری عێراق، هەڵوەشانەوەی بەڕێوەبەری وکارگێڕی عورفی لە عێراق،جگە لەم بەرەیە ،بەرەیەکی یەکێتی نیشتمانی تر هەبوو لە نێوان حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان،دەوری گەورەیان بینی لە ڕوداوەکانی کەرکوک لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨_١٩٥٩ دا.

**★حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست**

حیزبی بەعس وەک کۆمەڵەیەکی نهێنی سەرەتا لە سوریا دروست بوو،لە ڕۆشنبیرە نەتەوە خوازەکان،پاشان فراوانتر بوو،لە ٤-٦ی نیسانی ١٩٤٧یەکەمین کۆنگرەی بەست بە شێوەی ڕەسمی لە ٧ی نیسانی هەمان ساڵ حیزبی بەعسی عەرەبی لە دیمەشقی پایتەختی سوریا دامەزراو بیروڕاکانی بەناو وڵاتانی عەرەبی دا بڵاو بوەوە،عێراقیش یەکێک بوو لەو وڵاتانە وەک شوێنێکی لەبار بۆ گەشەکردن و ڕەگ داکوتانی بیروباوەڕی بەعس،سەرەتای ڕێکخستنەکانی لە عێراق لەڕێی ئەو ماموستاو خوێنکارە عەرەبانەوە بوو،یەکەمین شانەی حیزبیش لە عێراق لە هەمان ساڵ دا چەکەرەی کرد،کەرکوکیش یەکێک بوو لە شوێنانەی بەعسیەکان ویستویانەو مەبەستیان بوە جێگەی خۆیانی لێ بکەنەوە،هەرچەندە نەیانتوانیوە بەئاشکرا چالاکی بکەن،بەڵام وەک نهێنی و لەڕێی شانە نوستوەکانیانەوە کاری خۆیانکردوە بۆ فراوانکردنی تۆڕی حیزبیان،بۆیە پەیوەندیان بە قەومیەکانی کەرکوک و موسڵەوە کردوەو ڕێکیان خستون،پشگیری تورکمانەکانیان کردون و هانیان داون،چونکە لەو ئان و ساتەداپارتی و شیوعی لە کەرکوک باڵا دەست بونە،بۆیە بەعسیەکان لەڕێگای عەرەبە قەومیەکانەوەجموجوڵەکانیان دەست پێ کردوە.

**★برایانی موسڵمان(اخوان مسلمین)**

سەرەتای دامەزراندنی دەگەڕێتەوە ساڵی ١٩٢٧لە ئیسماعیلیەی میسر لەسەر دەستی حەسەن بەنا،لە ١٩٤٢چالاکیەکانیان گەیشتنە عێراق و موسڵ وەک بنکەی سەرەکی ئەم بووتنەوەیە،دوای ساڵی ١٩٥٦بارەگایان لە کەرکوک دامەزراند تا شۆڕشی ١٩٥٨بەردەوام بون،بارەگاکەیان بەرامبەر پردی دووەم ،پردی مریشک فرۆشەکان بوو،بەرامبەر باڵەخانەی حەسەن نەجم،ئەوانەی لەو بزوتنەوەیە ڕۆڵیان گێڕا لە کەرکوک بریتی بوو لە ئەحمەد سەید محێدین ئاسەنگەر،قابیل شێخ حەسیب تاڵەبانی.

**★کۆمەڵەی هونەرو وێژەی کوردی**

لە ١٩٧١/٣/٦مۆڵەتی کارکردنی وەرگرت،بارەگای سەرەکی لە گڕەکی شۆڕیجەی شاری کەرکوک بوو،ستافی دامەزرێنەری بریتی بوو لە:جەمیل جێماو، عەبدولڕەحمان محمەد عەلی، محمەد ڕەشید سەید عەلی،عەلی محمەد مستەفا(عەلاو)، عەلی کەریم(بۆیاچی)، عەزیز سەیدە، سالار ئەحمەد شا محمەد، نیعمەت خەیات، سەردار محمەد خورشید، محمد حاجی حسێنی، کە کاریان ئاگاداری و کۆکردنەوەی ئەدیب و هونەرمەندان بوو لە دەوری کۆمەڵەو خۆسازدان بوو بۆ کۆنفرانس و هەڵبژاردنی دەستەی تازە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکان،بەڵام بەهۆی تێک چونی ڕێکەوتنامەی یانزەی ئازارەوە کومەڵە لە کاروچالاکی وەستا.



شوان خورشيد

**★کۆمیتەی ئاگر**

سەر بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانی ڕێکخراوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو،دوای هەرەسی شۆڕشی کورد لە ١٩٧٤لە ڕێکەوتن نامەی جەزائیر،دوبارە ڕێکخستنەوەی چالاکیەکانی هیزی پێشمەرگە لە کەرکوک و چالاکی ڕێکخستنەکانیان گەلێک پۆل و دەستەو جموجوڵ پەیدا بون لە سەر ئاستی سەربازی و کاری ڕێکخراوەی حیزبی، یەکێک لەو ڕێکخراوانە کۆمیتەی ئاگر بوو،کە دەوری باڵای بینی لە وورەبەخشین بە خەڵک و دووبارە خۆسازدانەوە و خۆڕێکخستن بەرەو بەدیهێنانی مافی گەلی کورد،کە لە کۆمەڵێک خەڵکی قارەمان و چاونەترس پێکهاتبون، خەباتیان دەکرد بۆوشیارکردنەوەو خۆسازدانەوەی بورکانی شۆڕش، لێپرسراوێتی ئەو کۆمیتەیە گەلێک کەس گرتویانەتە ئەستۆ لە قۆناغی جیا جیادا وەک شەهید سیروان تاڵەبانی،شەهید ئازاد هەوامی،ئەبوو شەهاب وئەحمەدکرێکارو مامۆستا کاکەڕەش،بەڵام لە ناوەڕاستی مانگی ١٠ی ١٩٨١کۆمیتەی ئاگر لەلایەن ڕژێمەوە کەوتە بەر پەلامارو زۆر لە ئەندامە چالاکەکانی دەسگیر کران و لە سێدارە دران لەوانە مەلا محێدین،هادی قادر،مامۆستا ڕەشاد،عەبدول مەستور،فاروق عومەر(قەمبور)، جەنگی نەجمەدین،ئەسعەد عەزیز،حەسەن حەمە عەلی،عەبدول قادر بەکر،سیروان محەمەد ئەمین،جەبار ساڵح فەرەج، عەبدولکەریم حەمە عەلی،عەدنان محمەد ئەمین،فەرهاد محمەد سەعید،لەتیف محمەد ئەمین.

**★کۆمەڵەی ڕوناکبیری و کۆمەڵایەتی پارێزگای کەرکوک**

ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ومرۆڤ دۆستانەی سەربەخۆیەو کەسایەتی مەعنەوی هەیە،یەکەم کۆنگرەی لەهەولێر لە ٢٧-٢٩ی ١٢ی ١٩٩٥ لە هەولێر بەستا،سەرەتا بارەگاکەی لە هەولێر بوو ،دوای پرۆسەی ئازادی عێراق بارەگاکەی گەڕایەوە کەرکوک تا ئێستا لە کارو چالاکی بەردەوامە،لقیشی لە کفری و؟کەلارو چەمچەماڵ و دووز هەیە،سێ گۆڤارو ڕۆژنامەیەک دەر ئەچوێنی بەناوەکانی بانەڕۆژ،کەرکوک، المستقبل، ڕۆژنامەکەش بەناوی کەرکوکی ئەمڕۆ.ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە بریتیە لە:هەوڵدان بۆ پاراستن و گەشەپێدانی کەلتوری و فکری وئەدەبی و هونەری مێژوویی شوێنەواری شارەکە،بڕەودان بە بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و هونەری وزانستی و وەرزشی و سڕینەوەی ئاسەواری شۆڤینیانەی ڕژێمی بەعس،بەرزکردنەوەی ئاستی ووشیاری نەتەوەی و نیشتمانی خەڵکی پارێزگاکە، پتەوکردنی پەیوەندی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری نێوان پێکهاتەکانی پارێزگاکە،کارکردن بۆ هەڵوەشانەوەی ئەوبڕیارانەی تایبەتن بە جیاکردنەوەی یەکە ئیداریەکانی کەرکوک وەک دووز،کفری،کەلار. چەمچەماڵ و گەڕانەوەیان بۆ سنوری ئیدارەی پێشویان، دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان، وەک کێشەی پرۆسەی ڕاگواستن،ئەنفال، ئاوارەبون و سڕینەوەی ئاسەوارەکان، ئەمانەو چەندین بابەتی گرنگ لە کارنامەی کۆمەڵەدا هەن کە کاری لەسەر دەکەن ئەگەر دەسەڵاتداران بەهەند وەری گرن بۆ باشکردنی دۆخی کەرکوک و دانیشتوانەکەی بەرهەمی باشی دەبێت لە جێبەجێ کردنیان دا.

# کەرکوک لەژێر هەڕەشەیەکی گەورەدایە

**شوان خورشید**

سەرەڕای ئەوەی کەرکوک بەهۆی فرەپێکهاتەی و فرەئاینییەوە، هەردەم جێگای ناکۆکی و کێشەو ململانێ بوە لە نێوان پێکهاتەو ئاینە جیاوازەکانەوە،ئەو هۆکارانە وای کردوە درزێکی گەورە لە نێوان دانیشتوانەکەی دروست بێت و ڕەنگدانەوەی بەسەر هەموو جومگەکانی ژیان لەو شارەدا دابنێت و، هیچ یەک لە پێکهاتە جیاوازەکان و ئاینزاکان یەکتری نەخوێننەوەو وەک دوژمنی سەرسەخت و ڕەقیبی ژمرە یەک لە یەک بڕوانن،جگە لەوەی هەژاری و کەمی خزمەتگوزاری و، دواکەوتویی شارەکە وەک دەوڵەمەندترین شار لەڕووی بەرهەمی نەوت و سامانی ژێر زەویەوە،وای کردوە شارەکەو خەڵکەکەی ڕێژەی هەژاری بەراورد بەشارەکانی تری دەوروبەری، کە هیچ سەرچاوەیەکی دارای و داهاتی ژیاری وەک و نەوتیان نیە،کەچی بارودۆخیان لە کەرکوک و دانیشتوانەکەی جیاوازیەکەی ئاسمان و ڕێسمانە،جگە لەمانەی ئاماژەمان پێ دا کە هۆکاری کۆشندەن بۆ دواکەوتویی کەرکوک و دانیشتوانەکەی،لە ئێستادا کەرکوک لە ژێر هەڕەشەی سڕینەوە کەلتورو عادات و تەقالیدەکەی

دایەو چەندین دەستی ڕەش کار بۆ ئەوە دەکەن،کەلتورە جوانەکەی کەرکوک کە لە شەستەکان و حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردو کەرکوکی وەک مۆمی دەرەوشاوە دەناساند،ئێستا بەهۆی ئەو هەڵمەتە دڵ ڕەشانە خەریکە کەلتورە جوانەکەی کە جێگای شانازی هەموو خەڵکی کەرکوک بوون،دەسڕێنەوەو




ئاسەواری نامێنێ،پێشترو بەر لە ئێستا،کەرکوک مەڵبەندی ڕۆشنبیری بوو، دانیشتوانەکەی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە، هاوڕێی کتێب و خوێندنەوەو ڕۆشنبیریەت بون،ئەگەر بگەڕێینەوە بۆدواوە،بۆ کۆتای حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان، کتێبخانەکانی کەرکوک بە تایبەتی کتێبخانەی ئاسۆو گەل لە شەقامی کۆماری هەمیشە جمەیان دەهات لە خوێنەرو ڕۆشنفیکران، خوێنەر بۆ ئەوەی کتێبێکی بەدەست بێت چەندین مانگ بەر لە دەرچونی دەبوایە هاوبەشی بکردایە،کتێب دەستاو دەستی دونیای دەکرد،خەڵکی ئیرادەی هەبوو بۆ خوێندنەوەو خۆڕۆشنبیرکردن و ڕوناک کردنەوەی هەنگاوەکانی داهاتوی،سەرەڕای سانسۆری ڕژێم لەسەر بڵاوکراوەکان ،بەڵام ڕوحی بە زیندو هێشتنەوەی کەلتوری کەرکوک وای کردبوو، بەرەی مقاوەمەت لە نێو خەڵکی دا هەبێت و کەرکوک وەک شاری ڕۆشنبیری و پاراستنی

کەلتوری باب و باپیرانیان بپارێزن و ناسنامەی شارەکە وەک و خۆی بهێڵنەوە،بەڵام بەداخەوە لە ئێستادا، نەک ئەو تیشکە دڵخۆشکەرەی جاران بونی نیە لەگەڵ ئەوەش دا چەندین ئایدیاو بیروبۆچونی نامۆ بە شارەکەو کەلتوری ڕەسەنی کەرکوک هاوردە کراوەو بە پاڵپشتیەکی گەورەی دەرەکی دەرخواردی خەڵکی کەرکوک دەدرێت،گەنجەکانی ژەهراوی دەکرێت بەبیروباوەڕی نامۆو دور لە شارستانیەت،لە مێژووی شاری کەرکوک و خەڵکەکەی دا کەرکوک جگە لە فرە نەتەوەی و ئاینی،ئاینی ئیسلام زۆرینەی دانیشتوانەکەی بوە و هەر کەس ویستبێتی مومارەسەی ئاینی کردوە بێ هیچ فشارو ئاستەنگێک،بەڵام ئێستا چەندین بیروباوەڕی دەرەکی هاوردە کراوەو لەناو دانیشتوانەکەی دا پەلوپۆی هاویشتوە،پاڵپشتی گەورە دەکرێت بۆ شێواندنی کەلتورو ئەو ڕەسەنایەتیەی کە هەیبوە،کەرکوکی جاران،لە ڕوی پێکاتەی ئاینیەوە،سنەو شیعەو بەهائی و سائیبی و کاکەی بوو،بەڵام ئێستا دەیان تەیاری دژ هاتونەتە ئاراوە،سەرجەمیان لە دەرەوەی شارەکە هاوردە کراون نامۆن بە کەلتورو عادات و تەقالیدی خەڵکی و خەریکە ناخی سەرجەم دانیشتوانەکەی دەگرێتەوە بیناقاقایان تەنگ دەکات و بەرەو خنکانیان دەبات،بەداخەوە ئێستا سەرەڕای لێشاوی کتێب و بڵاوکراوە خوێنەری نەماوە کەس ڕووی لە شانۆ نیە،ئەوەی لە خەلیج دەگوزەرێ یان دەیانەوێ یەکسەر سەنگەر لە خەڵکی و بیروباوەڕی پێشکەوتوی ئەم شارە دەگرێت،بۆیە وا باشترە ئێمە بگەڕێنەوە ساڵەکانی سەدەی ڕابردوو ،دەس بە جوانیەکانی شارەکەمان بگرینەوەو پەرە بەو کەلتورە جوانەی جارانەوە بگرین،کەرکوک بەرینەوە قۆناغە زێڕینەکەی جاران کە جوانترین شارستانی خوڵقاندبوو، لە نێوان شارەکانی دەوروبەری، خەڵکەکەی زیندو بە بیروباوەڕی پێشکەوتن و بڕەودان بە دنیای مەعریفەو زانست،با هەموان دژی ئەو کەلتورە نامۆیەی شارەکەمانیان پێ ژەهراوی کردوە بوەستین و نەهێڵین لەوە زیاتر دانیشتوان و بیروباوەڕوو کەلتورە جوانەکەمان بخەلینجێندرێت.





# « السعي الحثيث لمؤسة الفكر الانساني للاعلام والثقافة والقانون بكركوك في تفعيل روح التعايش

**كركوك/رزكارالشواني**

**تأسست مؤسسة الفكر الانساني للاعلام والثقافة والقانون في محافظة كركوك في ٦ كانون الثاني من العام ٢٠١٨ وهي تواصل حضورها المتميز في المحافظة هدفها جمع النخب الثقافية والاعلامية والقانونية بجميع اتجاهاتها والتركيز على الفكر الانساني باعتباره الركيزة الاساسية للمؤوسسة .. وبغية تسليط الضوء اكثر عن هذه المؤوسسة الفتية التقينا بالمستشار الدكتور عزالدين المحمدي رئيس المؤسسة.**



★ نبذة عن تأسيس مؤسسة الفكر الانساني للاعلام والثقافة والقانون ؟

- تأسست المؤسسة رسميا في ٢٠١٨/١/٦ وحضر في احتفالية التأسيس والاستقبال جمع غفير من المثقفين والادباء والإعلاميين والفنانين والشخصيات بجميع القوميات والاطياف ، وكان احتفال وكرنفال بحضورهم وعهدناهم اننا سنعمل لخدمة الثقافة والادب والاعلام والقانون والعلم بكل اختصاصاتها واطلقنا عليها تسمية (مؤسسة الفكر الإنساني للإعلام والثقافة والقانون) وركزنا على الفكر الإنساني لان الإنسانية ركيزة أساسية وجوهر المؤسسة في التعامل مع مختلف الاتجاهات، وسجلنا المؤسسة في وزارة الثقافة / المركز الوطني لحقوق الملكية الفكرية وكذلك في إدارة محافظة كركوك .

★ ما هو الدور الذي لعبته المؤسسة منذ تأسيسها في الارتقاء بالأعلام والثقافة والقانون بصورة عامة وفي كركوك بصورة خاصة؟

- ان الدور الذي لعبته المؤسسة في الارتقاء بالثقافة والاعلام والقانون انطلاقا برؤاها وأهدافها التي تؤكد بالاهتمام بالفكر الإنساني بعيدا عن التخندقات القومية والدينية والمذهبية والمناطقية والانطلاق في افاق واسعة ليس لها حدود وانطلاقا من كركوك الحبيبة والتي بدأناها بالزيارات لجميع المؤسسات التربوية والتعليمية الجامعة والكليات وكذلك المؤسسات الإعلامية والثقافية والقانونية بل واستقبلنا وفودا من جميع المؤسسات الإعلامية والأدبية والقانونية والتربوية والمرأة ومنظمات المجتمع المدني وبدانا بوضع خطة سنوية للمؤسسة للأنشطة والفعاليات رغم ان جائحة كوفيد ١٩ اثرت في تنفيذ برنامجنا في السنة الثانية الا اننا استمرينا بالأنشطة المتعلقة في مؤتمرات ومنتديات وندوات إعلامية وثقافية وقانونية وفكرية للارتقاء بالثقافة والاعلام والفن والقانون الى مستويات طموحة بدأناها مع الاخرين أيضا بالاتجاه نفسه وانطلقنا من كركوك الى العاصمة بغداد وبدأت بصمات مؤسسة الفكر الإنساني تظهر بوضوح في المحافل الإعلامية والثقافية والقانونية في بغداد والمحافظات من خلال مشاركاتنا الفاعلة في الجامعات المنظمات المحلية والدولية ومن خلال معارض بغداد والعراق الدوليين للكتاب والبروتوكولات التي تم الاتفاق عليها مع المراكز البحثية ومراكز الفكر الثقافي مع مختلف الدول العربية والعالم واضحت المؤسسة اسم وفكر تستند لها المحافل الدولية والمؤسسات الفكرية والمراكز البحثية الرصينة والدعوات التي وجهت للمؤسسة ولنا للحضور المؤتمرات والملتقيات الإقليمية والدولية والروابط التي تمت مع مختلف الجامعات ذات الاهتمام المشترك مع المؤسسة. وكذلك اللقاءات مع سفراء الدول العربية والإقليمية فقد منحت لنا عدة شهادات وقلادات ووشاح الوطن لدورنا في الارتقاء بالثقافة والفكر الإنساني ومساهمتنا في الشبكة الدولية لدراسة المجتمعات العربية عام ٢٠١٩ والتي تضم الآن ٨٠ مؤسسة ومركز للعلوم البحثية والقانونية والفكرية، ودعينا أيضا من قبل ملتقى الاعلام الدولي في الامارات العربية المتحدة ونحن الان عضو فعال في الملتقى وشاركنا مؤتمراتها ومجالسها مع مختلف المؤسسات الإعلامية الرصينة في العالم، إضافة الى عضويتنا في منظمة الالسكو المنظمة العربية للثقافة والتربية والعلوم والمشاركة الفاعلة في ملتقياتها ومؤتمراتها وكذلك مشاركاتنا في ملتقيات مركز الرافدين للحوار السنوية وقدمنا عدة دراسات في الإصلاح التشريعي والامن السيبراني والامن الوطني وكانت لنا أيضا مساهمات مع الوزارات المختلفة وزارة الداخلية و التعليم والتربية والعدل والدفاع والعمل والشؤون الاجتماعي والمساهمة في مؤتمراتها العلمية والقانونية والأمنية لحقوق الانسان وسيادة القانون وحضورنا مؤتمر إسطنبول مع المراكز البحثية وفي مصر

ملتقى الفنانين
العرب وانشطة المؤسسة لا تسع ذكرها جميعا هنا.

**⋆ ما أبرز أنشطة وفعاليات المؤسسة في كركوك ؟**

- في كركوك كانت أبرز النشاطات والفعاليات هي الاحتفالات السنوية للمؤسسة ، وكذلك منح الجائزة السنوية لأبرز عشرين شخصية يتم اختيارها من كركوك من قبل الهيئة الاستشارية للمؤسسة ويتم توزيعها خلال الاحتفالية ، وكذلك يتم اختيار عشرين شخصية شبابية ونسائية مبدعة من جميع القوميات يتم تكريمهم كمبدعين للمرأة القيادية والشباب ، وكذلك ملتقى الفكر الإنساني الشهري واستضافة الشخصيات الناجحة للحديث عن تجاربها ودعوة الشباب للاستفادة والحوار مع الشخصيات لفتح قنوات التواصل ما بين جيل الرواد وجيل الشباب الجديد في مختلف الاختصاصات والتوجهات ، وتم عقد المؤتمر السنوي الأول عن مضامين وضمانات حقوق الانسان بالتعاون مع معهد كركوك لدراسات حقوق الانسان ، ومشاركات المؤوسسة في العديد من المؤتمرات والملتقيات العلمية والقانونية في محافظة كركوك وكلياتها المختلفة ودعما لسيادة القانون والثقافة ، والمشاركة الفاعلة في جميع المؤتمرات والندوات الإعلامية والقانونية لمكتب كركوك لمفوضة حقوق الانسان ومكتب كركوك للمفوضية العليا المستقلة للانتخابات وهيئة النزاهة ومديرية الشباب والرياضة في كركوك وغيرها ، وكذلك المشاركة في ملتقى الاعلام والمؤسسات الإعلامية التي نظمتها نقابة الصحفيين فرع كركوك بالتنسيق مع الأمم المتحدة مكتب كركوك ، و المشاركة الدائمة للفعاليات والأنشطة الأسبوعية مع البيت الثقافي واتحاد ادباء وكتاب كركوك ، وتكريم فريق المسرح لجمعية ذوي الاحتياجات الخاصة ، و زيارة وتكريم أعضاء جمعية قصار القامة فرع كركوك ، و تكريم نخبة كريمة من أساتذة ومشرفي تربية محافظة كركوك بالتعاون مع منظمة كتاب بلا حدود ، وحفل تكريم ٤٥ من الاساتذة التربويين وأساتذة الجامعة الرواد الذين درسوا خلال المراحل الدراسية لخمسين سنة مضت ، بالاضافة الى زيارات مستمرة وتقديم التهاني والتعاون والمشاركة في المؤتمرات التي تخص التعايش و التناغم مع مختلف الجمعيات والنقابات والمنظمات مثل نقابة الصحفيين العراقيين وجمعية المحاربين وقيادة الشرطة وجميع فعاليات الاعلام والثقافة والقانون.

**كلمة اخيرة تود اضافتها ؟**

- كنا مساء يوم الاربعاء الموافق ٢٠٢٢/٥/٤ في جلسة هادئة متحابة بنكهة كركوكية خالصة في امسية اعياد الفطر المبارك جمعتنا مع نخبة جليلة عزيزة على قلوبنا على فسحة حوار طاف بنا من كركوك الحبيبة للوطن العراق العزيز سيد الاوطان والانسانية اينما تجول في خاطرتنا تحدثنا عن العيد والحق والعدالة والمحاماة وكركوك ايام زمان والاوضاع المأساوية لما تجري



في العراق وتجربة الدول والمجتمعات في احترام كرامة وحقوق الانسان واحترام سيادة القانون والحريات الاساسية وتجاربنا الشخصية لكل تلك المحاور قلوبنا متحابة ونفوسنا متفتحة مطعمة بالابتسامة والضحكات التي اضفت على الجلسة المزيد من الحب والمحبة والجلسة كانت في ضيافة الاستاذ عبدالرحمن مصطفى محافظ كركوك السابق و بحضور الدكتور فاروق عبدالله رئيس نادي الاخاء التركماني والاستاذ سداد البياتي عضو الهيئة الاستشارية لمؤسسة الفكر الانساني والاستاذ القاضي حمزة اسماعيل والاستاذ قايماز مدير طرق والجسور السابق والاستاذ عبدالكريم زينل رئيس حزب القرار التركماني والمتحدث المستشار الدكتور عزالدين المحمدي .

# ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی شاری کەرکوک


**ادریس عبدالقادر**

هەروەک ڕاگەیاندن ئەژمار دەکرێت بە دەسەڵاتی چوارەم دوای دەسەڵاتەکانی تەشریعی و تەنفیزی و دادوەری چوارەم دەسەڵات کە دێت ڕاگەیاندنە،یان دەکرێت بوترێت ڕاگەیاندن وەک دەسەڵاتی چوارەم کاری چاودێری و بنکۆڵکردنی دەسەڵاتەکانی ترەو لە ڕێیە پیشەییەکەیەوە هەوڵ دەدات شیکاری بۆ کەموکوڕی و هەڵەکانی دەسەڵات بکات و لە غلۆر بونەو سەرەولێژی ڕاستیان بکاتەوە،کەواتە ڕۆڵی ڕاگەیاندن کەمتر نیە لە دەسەڵاتە باڵاکانی وولات لە ڕێی چاودێرییەوە بە تایبەت لە وولاتە دیموکراسی و ئازادی ڕادەربڕینەکان دا،کاتی ئازادی ڕادەربڕین بونی هەبێت وەک کۆڵەکەی دیموکراسی ئەوکات ڕاگەیاندن ڕۆڵی کارا دەبینێ لە بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی دا لە ڕێی چاودێری و بەدواداچونەکانیەوە.

کەواتە ڕۆڵ و ئەرکی ڕاگەیاندن ئەوەندە گرنگ بێت،تا چەند توانیویەتی پێکەوە ژیان لە شاری کەرکوک بچێنێت لە نێوان پێکهاتەکانی شارەکە،ئایا توانیویەتی وەک دەسەڵاتی چوارەم بە ئەرکی خۆی هەستێت و گۆڕەپانێک بۆ پێکەوەژیان لە نێو پێکهاتەکان بکاتەوەو ڕۆڵی پیشەی و ئەساسی خۆی ببینێ،ڕاستە کەرکوک فرە پێکهاتەی نەتەوەی و ئاینی دۆخی شارەکەی ئاڵۆز کردوە،بەڵام گەر هەوڵی ڕاگەیاندن وەک و ئەوەی ناوزەد دەکرێت بە چاودێری دەسەڵاتەکانی ترو چوارەم دەسەڵاتی بەباڵای خۆی بڕیوە،دەبێت ڕۆڵی هەبێت و لەڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی دا پیشەی توانیبێتی ئاو بە ئاگردا بکات و درزی نێوانی پێکهاتەکان نەهێڵێت،چونکە لە جیهان دا ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان و بیرمەندەکان چەندین کاروانی خەباتیان گەیاندۆتە مەنزڵ،ئەگەر سەیری لێکدانەوەو پێشنیارەکانی ژان ژاک ڕۆسۆ بکەین،شۆڕشی فەڕەنسی لەسەر دەستی ئەو بیرمەندانە شەرەفی سەرکەوتنیان پێ بڕا،بۆیە ڕاگەیاندن دەتوانێت ڕۆڵ ببینێ لە پێکەوەژیان و نزیک کردنەوەی پێکهاتەکانی کەرکوک ئەو بەربەستە نەتەوەی و ئاینییە نەهێڵێت،کە درزی لە نێوان دانیشتوانەکەی دروست کردوە،بەڵام بەداخەوە ڕاگەیاندنەکانی شاری کەرکوک نەک ئەو ئەرکەیان ئەنجام نەداوە بگرە زیاتر دۆخەکەیان ئاڵۆزکردوەو لە جیاتی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە زیاتر هەوڵی لێکترازان و دوورخستنەوەی پێکهاتەکان بونە،لەبەر ئەوەی لە شارەکە ڕاستە چەندین دامودەزگاو ڕاگەیاندنکارو ڕۆژنامەنوس و نوسەرو ڕۆشنبیر هەن،بەڵام هەریەک لەوانە سەر بە ئایدیایەک و حیزب و لایەنێکن،ئەوەندەی کار بۆ بیروبۆچونی سیاسی خۆیان دەکەن دەستیان بەکاری



پیشەیی خۆیانەوە نەگرتووەو وەک مەکینەی ئیعلامی زیاتر دۆخی نێوان پێکهاتەکانیان ئاڵۆزتر کردوە،هەرچەندە ڕاگەیاندن دەیتوانی کاری باشتر بکات لەوەی هەیە،تا شەرەفی ئەوەیا پێ بڕابوایە لە نزیک بونەوەی پێکهاتەکانی کەرکوک ڕۆڵی ئەرێنیان هەبوایە نەک ئەوەی هەیە هەر یەکە قەڵەم و بیرو بۆچون و پیشەکەیان خستۆتە خزمەتی بیری تەسکی لایەنەکانەوەو لە جیاتی ئەوەی درزی نێوان پێکهاتەکان نەهێڵن زیاتر برینی نێوانیانی کولاندۆتەوە، بەتایبەت ئێستا سۆسیال میدیاشی هاتۆتە سەر و پاشاگەردانیەک دروست بوە چەندین جار ڕاستی بابەتەکەیان ئاڵۆزتر کردوە،کە دەبوایە ڕاگەیاندن ڕۆڵی ئەرێنی هەبوایە لە بنیاتنانی پێکەوە ژیان نەک ئەو ڕۆڵە نەرێنیەی کە هەیە.



mensen met een missie

منظمة السلام والحرية
ڕێکخراوی ئاشتی و ئازادی
PFO
Peace and Freedom Organization

# بـرنــامــج تــنــاغــم